# وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە دەکاتەوە



وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەبارەی ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەوە دەڵێت:

"کارەساتی هەڵەبجە، دیمەنێکی تاڵی پێوەرەکانی وڵاتانی رۆژئاوایە لەبواری مافەکانی مرۆڤدا".

ناسر کەنعانی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس نووسیویەتی: "لەم رۆژەدا لە چەند چرکەیەکدا بڕیار لەسەر چارەنووسی شارێک درا و زیاتر لە 10 هەزار کەس گیانیان لەدەستدا و دەیان هەزار کەس بەهۆی هەڵمژینی گازی قەدەغەکراوی ژەهراوییەوە برینداربوون".

کەنعانی دەڵێت، "هەرگیز رۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەمان لەیاد ناچێت، کە تیایدا خەڵکی هەڵەبجە و شارە هاوسنوورەکانی ئێران بوونە قوربانیی ئەو جۆرە چەکە و پێشوازیمان لە ڕزگاربووان و بریندارەکانی ئەو کارەساتە مێژووییە کرد".

ئاماژەی بەوەشکردووە، یادکردنەوەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە زیاتر ئازاربەخش دەبێت کاتێک ئەوەمان بیردێتەوە کە رژێمی بەعسی عێراق توانی بە هاوکاریی هەندێک لە وڵاتی ئەوروپا، چەکی کیمیایی و گازی کۆمەڵکوژ بەرهەمبهێنێت، ئەگەرچی قەدەغەبوو ئەو جۆرە چەکە نامرۆڤانەیە بەکاربهێنرێت، هەروەها چەندینجار لە دژی سوپای ئێران و پاشان بە سزادانی خەڵک لە باکووری رۆژهەڵاتی عێراق بەکارهێنرا.

ناسر کەنعانی وتیشی: "ئەوەی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و سەردەشتی زیاتر ئازاربەخشکرد، هەڵوێستی ترسنۆکانە و گوماناوییانەی هەندێک وڵاتانی رۆژئاوابوو کە پشتیوانیی رژێمی سەدامیان دەکرد بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە".